**گۆڤاری قەڵای زانست**
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕۆڵی ئامێرەکانی ژێداری کەوانەیی لە موزیکی کوردیدا (شاری هەولێر بە نموونە)

**ڕێکار عوسمان ڕەشید**
بەشی موزیک، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان_عێراق
rekarothman19@gmail.com

**پ.ی.د. محەمەد عزیز شاکر زازا**
بەشی موزیک، کۆلیژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەڵاحەدین، هەرێمی کوردستان_عێراق
Mdzaza13@gmail.com

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**ڕێکەوتی توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/٩/١٨
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١١/٣٠
بڵاو کردنەوە: پایز ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**
The Role, Bowed String, Instrument, Kurdish Music, Violin, Viola, Violoncello, Double Bass, Erbil, History, Group, Orchestra, Chamber

**Doi**: 10.25212/lfu.qzj.8.4.16

**پوختە**

توێژینەوەیەکی چۆنایەتییە (qualitative) لەسەر بنەمای میتۆدی وەسفی-شیکاری بنیادنراوە. ئامێرەکانی خێزانی ژێداری کەوانەییش، کە مەبەستمان لە زنجیرە ژێدارەکانی کەوانەیی (ئۆرکێسترا) یە، لەم توێژینەوەیەدا بریتین لە ئامێرەکانی (ڤیۆلین Violin، ڤیۆلا Viola، چەڵۆ Violoncello، کۆنتراباس Contrabass or Double Bass)، کە لەو ئامێرە ژێدارە گرنگانەن، لە ڕووی بەکارهێنان و دەنگ و چینی جیاوازو تیمبەر (ڕەنگی دەنگ) و تەکنیکەوە، پێگەیەکی دیارو بەرچاویان هەیە. هەروەها ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکیشیان لە زۆرێک لە شێوازەکانی موزیکی میللەتان هەیە. چەندان میتۆدو بابەتگەلی زانستی موزیکییان لە هەنبەردا بەرجەستە کراون. لەنێو کایەی موزیکی کوردیشدا، ڕۆڵ و بەشداریکردنی هەر یەک لەم ئامێرە ژێدارانە جێی باسکردن و خستنە ڕووە.

## ١ پێشەکی

ئامێرەکانی ژێداری کەوانەیی وەک (کەمان Violin، ڤیۆلا Viola، چەڵۆ violoncello و کۆنتراباس Contrabass یان Double Bass) خێزان یاخود بەشی ژێداری کەوانەیی ئۆرکێسترا پێکدەهێنن. لە ڕەنگی دەنگ و مەودای دەنگی و قەبارەدا جیاوازن، بۆ نموونە: کەمان لە ڕووی قەبارەوە بچووکترینەو و بەرزترین مەودای دەنگی هەیە، بەڵام کۆنتراباس لە قەبارەدا گەورەترینە و نزمترین مەودای دەنگی هەیە (Kamien, 2000, 18). بە هۆکاری ئەوەی کە ئەم ئامێرە ژێدارانە لە ڕێی یەکەی (کەوان)ەوە دەژەندرێن، هەر بۆیە بە خێزانی ژێداری کەوانەیی ناونراون.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم توێژینەوەیە لە چەندین بەشی جیاوازی تیۆری و کارکردنی مەیدانی پێکهاتووە، بۆ نموونە: بەشی یەکەم/ بریتییە لە ڕێبازو پلانی توێژینەوەکە، کە خۆی لە بابەتەکانی (کێشەی توێژینەوەکە، ئامانجی توێژینەوەکە، گرنگی توێژینەوەکە و سنووری توێژینەوەکە) دەبینێتەوە. بەشی دووەم/ بریتییە لە ئاشکراکردن و زانینی مێژووی یەکەمین هەماهەنگبوون و یەکانگیربوونی خێزانی ژێداری کەوانەیی لە شاری هەولێر. بەشی سێیەم/ ئاماژەکردن بەو جۆرە تیپانەی شاری هەولێر کە تیایاندا ئامێرەکانی (خێزانی) ژێداری کەوانەیی بوونیان هەیەو لە شێوەی پەیکەرەی جیاوازی تیپەکەدا، پێرفۆرمەنسی موزیکی خۆیان دەکەن. بەشی چوارەم/ بریتییە لە شیکردنەوەی نموونەکانی توێژینەوە، کە بەپێی سروشتی توێژینەوەکە، چەند نموونەیەک لەو تیپ و گروپانە وەرگیراون کە ئەم خێزانە ژێدارییەی (کەوانەیی) تیادا بەکارهێنراون. بەشی پێنجەم/ بریتییە لە ئەنجامی توێژینەوەکە، کە پاڵپشت بە شیکردنەوەی نموونەکان و کۆبەندی دیدارو چاوپێکەوتنەکان بە دەستهاتوون و خراونەتە ڕوو.

شێوازی (Style) نووسینەوەی ئەم توێژینەوەیە، بەگوێرەی خواستی گۆڤارەکەو سیستەمی (APA) داڕێژراوە، بە مەبەستی ئاماژەکردن بە سەرچاوەو خستە ڕووی بابەتگەلە زانستییەکانی توێژینەوەکە.

**١-١کێشەی توێژینەوە:**

لەگەڵ ئەوەی لەنێو کایەی موزیکی کوردیدا، ڕۆڵ و بەشداریکردنی ئامێرەکانی ژێداری کەوانەیی جێی گوتن و خستنە رووە، بەڵام بە رادەیەکی ئەوتۆو کارا، یاخود بە شێوازی خێزانی ژێدارەکان (ژێداری کەوانەیی) ڕۆڵییان نەزانراوەو نەخراوەتە ڕوو، جگە لە توێژینەوەیەک ' نزیک' لەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ئامێری ڤیۆلین لە موزیکی کوردیدا: ڕۆڵی تەکنیک و پێرفۆرمەنس)، لەلایەن توێژەر ( سالار شکری) کە سنووری کارکردنی توێژەر لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٠- ١٩٩٠ بووە و تیشکی خستبوویە سەر ئامێری ڤیۆلین. لەم توێژینەوەیەماندا تیشک دەخەینە سەر زانینی ڕۆڵ و بەشداریکردنی ئامێرەکانی ژێدارەکانی کەوانەیی (ڤیۆلین، ڤیۆلا، چەلۆ، کۆنتراباس) لە موزیکی کوردیدا، کە بە باوەڕی توێژەر تاکو ئێستا پرسێکی وەها گرنگ لە ناوەندەکانی هونەریی باشووری کوردستان، کە شایانیەتی بە وردی کاری لەسەر بکرێت و ئەو ڕۆڵە بزانرێت، نەخراوەتە بەرکارکردنی مەیدانی و توێژینەوەی لەسەر نەکراوە!

**١-٢ ئامانجی توێژینەوە**:

ئامانجی توێژینەوەکە لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا دەخەینە ڕوو:

1 . گەیشتن بە ناسین و زانینی ڕۆڵی ئامێرەکانی ژێداری کەوانەیی لەنێو موزیکی کوردیدا.

2 . دیاریکردن و زانینی مێژووی بەکارهێنانی ئامێرەکانی ژێداری کەوانەیی لە موزیکی کوردیداو ناساندنی ئەو تیپە جیاوازانەش کە ئەم خێزانە (ئامێرەکانی ژێداری کەوانەیی) لە نێویاندا بوونی هەیە.

3 . زانینی ئاست و ڕادەی کاریگەری ئامێرەکانی ژێداری کەوانەیی لە دانراوەکانی موزیکی کوردیدا.

هەروەها لە پاڵ ئەو ئامانجە سەرەکیانەی لە سەرەوەدا ئاماژەیان بۆ کرا، ئەوا جێی خۆیەتی کە بڵێین، ئەم بابەتە دەروازەو هەوڵدانێکیشە بۆ ڕۆشنایی لەمەڕ جیاکردنەوەی زاراوەی بەکارهاتووی (ئامێرە ژێدارەکان) ی ئۆرکێسترا، کە تا ئێستاش لای زۆرێک لە ژەنیاران و موزیسیانان و فێرخوازانی بوارەکە، لە دەربڕیندا جیا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤاریکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەکراوەتەوە شێواوییەک بەدی دەکرێت. بۆ نموونە: زۆر جار کە دەگوترێت ئامێرە ژێدارەکان، ئەوا بە تەنیا دەستنیشانی ئامێرەکانی (ڤیۆلین، ڤیۆلا، چەلۆ، کۆنتراباس) دەکەن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمانە وەک خێزان، تەنیا لقێکی ناو ئامێرە ژێدارەکانن و لە پۆلی کەوانەییەکانن، بۆیە ڕاستیەکەی ئەوەیە کە (ئامێرەکانی ژێداری کەوانەیی) پێ بگوترێت.

**١-٣ گرنگیی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە دەبێتە پێداویستی و وەڵامدانەوە بۆ هەندێک باس و خواستی نێو ناوەندەکانی ئەکادیمی هونەریی موزیک لە باشووری کوردستان، کە تیایدا توێژەر دەکەوێتە نێو چەند لایەنێکی کارکردن و گرنگییێدانیان، کە پەیوەستن بە ڕۆڵی ئامێرەکانی ژێداری کەوانەیی لەنێو موزیکی کوردیدا، گرنگییەکی ئەوتۆو جێی باس دەبن، بۆ نموونە:

1 - دەبێتە هەوڵێک بۆ هاندانی زیاتری، باشتر بەجێهێنان و پێشکەشکردن (performance) لەنێو ئەو گروپانەی کە ئەم ئامێرانەیان تیادا بەرجەستەن.
2 - یەکێک لە بایەخەکانیتریش، دەبێتە دەروازەیەک بۆ ڕۆشنایی زیاترو هاندان لەمەڕ کاروبارەکانی موزیکنووسینی ئەو دانەرە کوردانەی کە بەرهەمی موزیکی دەنووسن بۆ ئامێرەکانی ژێداری کەوانەیی.

**١-٤ سنووری توێژینەوە:**
سنووری توێژینەوەکە بەم جۆرە پۆلێنکراوە:

1. سنووری کات/ ساڵی ٢٠١٠ تاکو ساڵی ٢٠٢٢
2. سنووری جوگرافی/ پارێزگای هەولێر- ناوەندی شار.
3. سنووری بابەت/ ئەو گروپ- تیپانەی کە ئەم خێزانە ئامێرییەیان تیادا بەکارهاتووە لە شاری هەولێر، کە بریتین لە (ئۆرکێسترای کوردستان، گروپی ژێداری گەنجانی هەولێر، چەمبەر موزیکی هەولێر).

**٢ مێژووی یەکەمین بەکارهێنان و هەماهەنگیبوونی ئامێرەکانی ژێداری کەوانەیی لە شاری هەولێر.**
بەر لە باسکردن و خستنە ڕووی ئەم پرسە مێژوویەی خێزانی ئامێرەکانی ژێداری کەوانەیی لە شارەکەدا، جێی خۆیەتی بگوترێت، کە لە دێرینەوە و چەندەها ساڵ بەر لە ئێستا، لەگەڵ زۆربوونی حەزو خولیا بۆ هونەری موزیک و گۆرانی، دەرکەوتنی بەهرەی زیاتری لاوانی شارەکەو واڵاکردنی زیاتری شارەکە بە ڕووی هونەری موزیک، هەولێر قۆناغێکیتری هونەری موزیک و گۆرانی بە خۆیەوە دەبینێت، کە ئەویش هاتنە ئارای دەستەو گروپ و تیپی جیاجیای شارەکەیە. بە دیاریکراویش ئەم قۆناغەی موزیک و گۆرانیی شارەکە، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٧. لەم بارەیەشەوە دێرینترین تیپی موزیکی کە زمانحاڵی یەکگرتنی کۆمەڵێک لە ژەنیاری شارەکە بێت، تیپی موزیکی (دەرسیم)ە.

'دەرسیم' یەکەمین تیپی موزیکی بووە لە شاری هەولێر کە زادەی یەکگرتنی چەند ژەنیارێکی لاوی ئەوکات بووە (سەڕاج، چاوپێکەوتن). ئەم تیپە لە ساڵانی (١٩٥٧- ١٩٥٨) بە گۆرانی و موزیکی کوردی بەشداری چالاکییە هونەرییەکانی ناو شاری هەولێری کردووە (ساڵح نەجار، ٢٠١٦: ٢٢٠). تیپەکە کۆکراوەی چەند موزیکژەنێکی بەتوانای ئەوکات بووە، کە پاش سەردانکردنی تیپی موزیکی مەولەویی سلێمانی بۆ ئەم شارە،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەمانیش بریاریاندا گروپێکی تایبەت بە خۆیان دابمەزرێنن، ناویان لێنا تیپی موزیکی دەرسیم (Hama Rashid, 2015: 20).
سەبارەت بە هاتنە کایەو مێژووی یەکەمین بەکارهێنان و یەکانگیربوونی ئامێرەکانی ژێداری کەوانەیی (خێزانی ئامێری ژێداری کەوانەیی) لە نێو شاری هەولێر، دەردەکەوێت کە پەیوەندی بە چەند هەوڵێکەوە هەبووە، کە زیاتر بە مەبەستی دابینکردنی پێداویستی ئەکادیمی هونەریی بووە. بە واتایەکیتر ئامێرەکانی ژێداری کەوانەیی وەک (ڤیۆلین، چەلۆ)، کە لە زۆرێک لە تیپەکانی ئەم شارە بوونیان هەبووە، بە تەنیا وەڵامی هەموو خواست و پێداویستیەکانی موزیکی نەدەدایەوە و تەنانەت خێزانەکەشیان ( ژێداری کەوانەیی) بە تەواوی پێک نەدەهێنا. هەر بۆیە لەم باسەدا چەند قۆناغێک دەخەینە بەر دید، کە ئاشنامان دەکات بەم پرسە مێژووییەوە:
یەکەم/ دروستبوونی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی هەولێر ساڵی ١٩٩٢ ببوویە یەکەمین هەوڵی جێبەجێکردنی بەکارهێنانی ئامێرەکانی ژێداری کەوانەیی، هەرچەندە لە سەرەتاداو لەنێو وانەی (کۆژەن)یش تەنیا ئامێرەکانی (ڤیۆلین، ڤیۆلا، چەلۆ) خوێندرابوون، یاخود بەکارهێنرابوون، ئەویش بەو هۆیەی کە هیچ فێرخوازو قوتابییەکی پەیمانگەکە ڕوویان لە ئامێری (کۆنتراباس) نەکردبوو، تاکو بە تەواوی ئەم خێزانەی ژێدار دروست ببێت! (خالید، چاوپێکەوتن). فێرخوازو قوتابیەکانی ئارەزوومەندی ئامێرەکانی ژێداری کەوانەیی، بە نمرەی یەک زیاتر لە دەوری ئامێری ڤیۆلین و بە نمرەی دووش ئامێری چەلۆ، ئینجا لە دەوری ئامێری ڤیۆلادا کۆدەبوونەوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەوە بووە کە دڵخوازانی بواری موزیک زیاتر ئاشنایەتییان لەگەڵ ئەو ئامێرانەدا هەبوو کە لە نێو تیپە موزیکیە باوەکانی شارەکە دەبینران و بەکار دەهێنران (هەمان سەرچاوەی پێشوو). لەگەڵ ئەوەشدا بەکارهێنان و مامەڵەکردن لەگەڵ ئامێرێکی ژێداری کەوانەیی وەک (ڤیۆلا)، وردە وردە هەنگاوو هەوڵێتری بەدوای خۆیدا هێنا. ساڵانی دواتر مامۆستایانی پەیمانگەکە، لە سۆنگەی هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی ئەکادیمی- هونەری، ئەو ڕۆشنبیرییە لای فێرخوزان و قوتابیان برەو پێ دەدەن کە ئامێرگەلێتر هەن و پێویستە فێرخوازان مامەڵەی لەگەڵ بکەن و ئەو پێداویستیانە پڕ بکرێنەوە کە پێویستە بە لایەنی کەمەوە لە ئۆرکێسترایەکی ژێداردا بوونیان هەبێت، تا دەگاتە ئۆرکێسترایەکی تەواوو گەورە (ئاغا، چاوپێکەوتن). هەر بۆیە مامۆستایانی پەیمانگەکە هانی قوتابیان و فێرخوازانیان دەدا کە ئامێری (کۆنتراباس)یش هەڵبژێرن. لەم بارەیەشەوە (هاوکار)ی ژەنیاری کۆنتراباس دەڵێت: من بوومە یەکەمین قوتابی ئەو پەیمانگەیە کە بە فەرمی پیادەی ئامێری (کۆنتراباس) بکەم و مامۆستاکانم (ئامانج غازی) و (ئەبو بەکر خالید) چاودێری و سەرپەرشتییان دەکردم و مامۆستا (ئاری قادر)یش لە بەغدادەوە میتۆدو کتێبی ڕاهێنانی ئامێرەکەی بۆ دابینکردم و هانی دەدام. (موحەممەد، چاوپێکەوتن).
دووەم/ یەکەمین ئۆرکێسترای فەرمی کوردستان لە شاری هەولێریش، هەوڵێکیتری پێشوازیکردن و بەکارهێنانی خێزانی ئامێرەکانی ژێداری کەوانەیی بوو، چونکە لەنێو ئۆرکێسترادا ئامێری کۆنتراباس هاتە بواری خزمەتکردن و بەکارهێنانی وەک ڕۆڵێکی دیارو پێویست و پشتیوانی لە هونەری موزیکیی شارەکەدا (ئاغا، چاوپێکەوتن). کەواتە پاڵپشت بەم هەوڵانە دەتوانرێت بگوترێت کە مێژووی یەکەمین یەکانگیربوون و پێکەوە بەکارهێنانی خێزانی ژێداری کەوانەیی (ڤیۆلین، ڤیۆلا، چەلۆ، کۆنتراباس) لەناو یەک گروپدا لە شاری هەولێر، بۆ پەیدابوونی ئۆرکێسترای کوردستانی شارەکە دەگەڕێتەوە. هەر وەک دەبینرێت لە نمایشەکانی سەرەتای دامەزراندنی ئۆرکێستراکە بوونیان هەبووە (بڕوانە شێوەی ژمارە ١)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




شێوەی ژمارە (١)

دیمەنی بەکارهێنانی خێزانی ژێدار (ئامێرەکانی ژێداری کەوانەیی) لە ئۆرکێسترای کوردستان-هەولێر

## ٣ دیارترین ئەو گروپ و تیپانەی کە ئامێرەکانی ژێداری کەوانەییان تیادا بەکارهێنراوە

### ٣-١ ئۆرکێسترای کوردستان-هەولێر:

لە ساڵی ١٩٩٧ دامەزراوەو یەکەمین ئۆرکێسترای فەرمییە لە کوردستان (فوئاد، ٢٠١٤: ٥٥). شایانی گوتنە هەتاکو ئێستاش ئەم تیپە (ئۆرکێسترای کوردستان) لەشاری هەولێر بەردەوامەو جگە لە هەرێمی کوردستان، لەچەندین وڵاتی دەرەوەی کوردستانیش کۆنسێرت و چالاکی جۆراوجۆری بە ئەنجام گەیاندووە.
سیرینی دەڵێت: ئۆرکێسترای کوردستان کۆبوونەوەی کۆمەڵێک ژەنیاری قوتابی بەهرەمەندو مامۆستای بە ئەزموونی ئەوکات بوو، بە پاڵپشتی کەسایەتییە دیارەکانی دەستڕۆیشتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت خودی پارێزگاری هەولێر، شەهید (فەرەنسۆ هەریری). ئامانج لە دروستکردنی ئۆرکێستراکەش هەوڵێک بوو بۆ بە ناسنامەکردنی فۆرمێکیتر لە موزیکی کوردی وەک هەر گەلانێکیتری دونیا، کە ببێتە دەروازەیەکیش بۆ بە ئەکادیمی کردنی نمایشەکانی موزیکی لە پایتەختی کوردستان. بە ئاستێکی سنووردار توانرا زۆر بەرهەم و شاکاری جیهانی و کوردی پێشکەش بکەین (سیرینی، چاوپێکەوتن).
گوڕوتین و پەرۆشی گەورە هەبوو بۆ ئۆرکێستراکە، چ لە لایەن هونەرمەندانی موزیک، چ وەک لایەنی نوخبەی دەسەڵاتی کارگێڕی حکومی و ڕۆشنبیران و بەرپرسان، بە گرنگیشەوە پێشوازی لەم هەوڵە ئەکادیمییە کراوە. لەم بارەیەوە (ئامانج غازی) دەڵێت: لە دیداری هونەرمەندانی دەستەی دامەزرێنەری ئۆرکێستراو مامۆستا (فەلەکەدین کاکەیی)، ناوبراو زۆر بەوردی باسی لەوە کرد کە (موزیکی ئەکادیمی هەمیشە ئەو دەروازە پڕ داهێنانە یە کە ئاسۆیەکی ڕۆشن لەبەردەم هونەرمەندانی دواڕۆژ واڵادەکاو وەزارەتی ڕۆشنبیریش گشت توانست و کادیرەکانی خۆی بۆ ئەم ئامانجە پیرۆزە لەخزمەت ئەو بوارە دادەنێ). هاوکات پەرۆشی و دڵسۆزی شەهید (فەرەنسۆ) وەک پاڵپشتیی دابینکردنی بینای ئۆرکێستراو کەلوپەلی پێویستی ئیداری و پشتیوانی مەعنەوی، ژیلەمۆیەکی بە تین بوو بۆ ئۆرکێستراکە. لەلایەکیتریشەوە خودی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی ئەوکات، ڕەوانشاد (د. ڕۆژ نوری شاوەیس) لە ڕۆژی جیهانی موزیک ئامادەی کۆنسێرتی سەرەتاکانی دروستبوونی ئۆرکێسترا بووەو هونەرمەندانی خەڵاتکردبوو (غازی، ٢٠٠٩، ٤٤-٤٥).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەشێت هەر کارێکی سەرەتایی و تازە بنیادنراو، ئاستەنگ و لەمپەری جۆراوجۆری هەبێت، بە تایبەتیش دامەزراندنی ئۆرکێسترایەکی لەم چەشنەش لەو ساتەدا، بەدەر نەبووە لە گرفتی سەرەتایی. لەم بارەیەوە (خالید) ئاماژەی بەوە کرد، کە سەرەتاکانی ئۆرکێسترا لە رووی بابەتی هونەری هەندێک ئاستەنگی بەخۆیەوە بینی، وەک: بە ئاسانی دەست نەکەوتنی نۆتەی شاکارەکانی موزیکی کلاسیکی-جیهانی، کە زۆرجار تەنها نۆتەی پیانۆمان لەبەردەستدا بووەو خۆمان ئەرەنجمان کردبوو بۆ ئامێرەکانیتر (ژێداری کەوانەیی، فودار)، هەروەها لە رووی پرکردنەوەی هەموو خێزانە ئامێریەکانی ناو ئۆرکێسترایەکی ستاندارد، گرفتمان هەبووە، بۆ نموونە: بە گوێرەی ستانداردو هاوسەنگ ژەنیاری پێویستی ڤیۆلاو چەلۆو کۆنترابासمان لە ریزی ئامێرەکانی ژێداری کەوانەیی نەبوو، هەروها لە خێزانەکانیتری ئامێرەکانی ناو ئۆرکێستراش هەمان ئاستەنگمان هەبوو. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئۆرکێستراکە وردە وردە فراوانبوو، بووە هۆی دەروازەیەک کە بەهرەمەندی زیاتری ئەکادیمی لە خۆ بگرێت و لە ناوەوە دەروەی وڵاتیش چەندین شاکاری کوردی و جیهانی پێشکەش بکات. (خالید، چاوپێکەوتن). (بڕوانە شێوەی ژمارە ٢). لە لایەن چەند کەسێکەوە، بە فەرمی کاری رابەرێتی بۆ ئۆرکێسترای کوردستان کرابوو، کە یەکەمینیان (سیروان سیرینی) بووە، پاشان (چەتۆ نەورۆز). سەرەڕای ئەوانەش لە لایەن (سالار ئازید)یشەوە کاری رابەرێتی بۆ ئەم ئۆرکێسترایە کراوە (سەڕاج، چاوپێکەوتن).



شێوەی ژمارە ( ٢)
دیمەنی نمایشی ئۆرکێسترای کوردستان لە وڵاتی رۆمانیا ساڵی ٢٠١٤

**٣-٢ گروپی ژێداری گەنجانی هەولێر:**

ئەم گروپە لە ساڵی ٢٠١٨ لە ئەنجامی کۆبونەوەی کۆمەڵێک ژەنیاری گەنجی شارەکە لە دایکبوو، بەمەبەستی چەند نمایشێکی موزیکی کوردی- کلاسیکی جیهانی. تیپەکە لەلایەن (یادی هاشم) رابەرێتیی بۆ دەکرا. هەرچەندە ئەم گروپە بە تەواوی لە خێزانی ئامێری ژێداری کەوانەیی پێکهاتبوو، بەڵام لە بەرهەمی جیاوازیشدا بەشداری بە ئامێری خێزانەکانیتر کردبوو، بۆنموونە: پێرفۆرمەنسی سۆلۆی ئامێری کلارینێت بە هاوبەشی ئامێرەکانی ژێداری کەوانەیی ناو گروپەکە لە یەکێک لە نمایشەکانی. (بڕوانە شێوەی ژمارە ٣). یەکێک لە ئامانجەکانی گروپەکە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە بوو کە بۆ ماوەیەک چالاکی و کارو نمایشی ئۆرکێسترایی لە شارەکەدا وەستابوو (هاشم، چاوپێکەوتن).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤاریکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەبارەی ژمارەی ژەنیارانی گروپەکەو شێوازی بەرهەمەکانیشی، (هاشم) بەم جۆرە خستنیە ڕوو: ژمارەی ئامێر ژەنانی ئەم گروپە موزیکییە، بریتی بوون لە ١٥ ژەنیار، کە بەم جۆرە پۆلێنکرابوون:

(٤) ڤیۆلینی یەک
(٥) ڤیۆلینی دوو
(٣) ڤیۆلا
(٢) چەلۆ
(١) کۆنتراباس

شێوازی بەرهەمەکانی گروپەکەش بریتی بوون لە بابەتی موزیکی دانراوی کوردی و شاکاری کلاسیکی-جیهانی سەرجەم بەرهەمەکانی ئەم گروپە لە چەشنی موزیکی ئامێری بووە بەبێ هیچ بابەتێکی موزیکی لەگەڵ تێکست (دەنگی مرۆیی). یەکێک لە نمایشە دیارەکانی ئەم گروپە، کۆنسێرتی (نا بۆ توندو تیژی) بوو (هەمان سەرچاوەی پێشوو).



شێوەی ژمارە (٣)
پێرفۆرمەنسی ئامێری کلارینێت لەگەڵ گروپی ژێداری گەنجانی هەولێر

**٣-٣ چەمبەر موزیکی هەولێر:**

ئەم چەمبەرە لە کۆتایی مانگی ئاداری ساڵی ٢٠٢٢ خۆی ڕاگەیاندووەو یەکەمین کۆنسێرتی ئەنجامداوە. سەبارەت بە شێوازو پەیکەرەی گروپەکەش، سەید ئەحمەد رواندزی وەک کۆنسێرت ماستەری گروپ، بەم جۆرە خستنیە ڕوو: شێوە گروپێکی موزیکی چەمبەری ژێداری کەوانەیین، کە لە شێوازی کوارتێت (چوارینە) فراوانترە، بەوپێیەی کە ژمارەی ژەنیارانی بریتییە لە ٧ ژەنیار (بڕوانە شێوەی ژمارە ٤). بەسەر (٢) ڤیۆلینی یەک، (٢) ڤیۆلینی دوو، (١) ڤیۆلا، (١) چەلۆ و (١) کۆنتراباسدا دابەشبوون (ئەحمەد، چاوپێکەوتن). ئەم گروپە چەندین چالاکی و نمایشی جۆراوجۆری لە شاری هەولێر ئەنجامداوە. یەکەمین کۆنسێرتیان دەگەڕێتەوە بۆ ٣١-٣-٢٠٢٢ بەناونیشانی (ئاوێتەی موزیك)، کە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی هونەرەکانی موزیکی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەری هەولێر سەرپەرشتی کراوە (ڕەشید، چاوپێکەوتن). جگە لەوەش ئەم گروپە لە نمایشێکی جیاوازدا، لە ٢٧-٩-٢٠٢٢ بە بەشداری حەیرانبێژی شاری هەولێر (عارەب عوسمان)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چەند بەرهەمێکی هاوبەشی موزیک و حەیرانیان پێشکەش کردبوو. ئەم چەمبەرە تاکو ئێستا بەردەوامەو لە ستۆدیۆ خەریکی تۆمارکردنی چەند بەرهەمێکی موزیکین (هەمان سەرچاوەی پێشوو).



شێوەی ژمارە (٤)
پەیکەرەی چەمبەر موزیکی هەولێر

بێجگە لەو گروپانەی ئاماژەمان بۆ کرد، دەستەو تیپی جیاجیاتر هەبوون لەم شارەو شێوازی موزیکی کلاسیکی- جیهانیشیان پەیڕەو کردووەو خاوەنی چەندان چالاکی کۆنسێرت و نمایشی تایبەت بە خۆیان بوون. بەدەر لە ئامێری (کۆنتراباس)، تەواوی ئامێرەکانیتری ژێداری کەوانەییشیان(ڤیۆلین، ڤیۆلا، چەلۆ) تێدا بەرجەستە بووە. نموونەیەکی دیاری ئەم تیپانەش، دەستەی موزیکی (شەبەنگ)ە.
ئەم دەستەیە لە ٢٢ ی یەکی ساڵی ٢٠٠٠ دامەزراوەو تیپێکی شێوازی کلاسیکی- جیهانیی ئامێری هاوبەشی ژێداری کەوانەیی (کەمان، ڤیۆلا، چەلۆ) و ئامێری پیانۆ بوو، بەڵام لەچەند کارێکدا بەشدارییان بە ئامێری فوداری (فلوت) و (کلارینێت) کردبوو (نورەدین، چاوپێکەوتن). (بڕوانە شێوەی ژمارە ٥). یەکەمین کۆنسێرتی تیپەکە، کۆنسێرتێکی موزیکی کلاسیک بووە لە هۆڵی شەهید مائمون دەباغ لە شاری هەولێر ڕێکەوتی ٢٠٠٠\٥\٢٨ و نۆ پارچە موزیکی شاکاری جیهانییان پێشکەشکردووە (سەردار، چاوپێکەوتن)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



شێوەی ژمارە (٥)
دیمەنی نمایشێکی دەستەی موزیکی شەبەنگ بە یاوەری ژەنیارانی (فلوت) و (کلارینێت)

سەبارەت بە ئامادەگی و ڕۆڵی هەر یەکە لەو ئامێرانەی ژێداری کەوانەییش لەناو گروپەکان، بە ڕوونی دیارە کە هەر یەکە لەم ئامێرانە ئاست و ڕۆڵی جیاوازی پێشکەشکردووە، کە لایەنێکی هەرە زۆری ئەم ڕۆڵەش بەر شێوازو جۆری ئەو پارچە موزیکە دەکەوێت، کە بۆ ئەو ئامێرانە دیاریکراوە و خواستی دانەری کارەکە بۆ دیاریکردن و پێدانی ئەو ڕۆڵە دەردەخات (محەمەد، چاوپێکەوتن). بە واتایەکیتر بەجێهێنانی هەر ڕۆڵێک لە چەشنی سۆڵۆی ئامێرەکانی ئەم خێزانەبێت، یاخود هاوشانیکردن و کۆژەن بێت، ئەوا بەندە لەسەر ئەو هێڵە دیاریکراوەی ژەنین، کە لە سکۆڕی کارە موزیکییەکەدا دانەری موزیک ئاماژەی پێکردووە. لەنێو دانراوو کارەکانی موزیکی کوردیشدا زۆرترین ڕۆڵی سۆڵۆی ناو خێزانی ئامێرەکانی ژێداری کەوانەیی، بەر ئامێری ڤیۆلین کەوتووە، کە ڕەنگە هۆکارێکی دیاری ئەم بابەتەش پەیوەندی بەوەوە هەبێت، کە ئامێرەکە (ڤیۆلین) ئامێرێکی مێلۆدی، سۆڵۆ ئامێزەو کۆمەڵانی خەڵکیش زۆرتر بەم ئامێرە ئاشناترن (ئەحمەد، چاوپێکەوتن). لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ڕۆڵی هەر یەک لەم ئامێرانە (ڤیۆلین، ڤیۆلا، چەلۆ، کۆنتراباس)، لە ڕەوشی بەجێهێنان-پێرفۆرمەنسی وەک: (سۆڵۆ، هاوشانیکردن، کۆژەن)یش بینراوەو بیستراوە.

## ٤ شیکردنەوەی نموونەکانی توێژینەوە:

بەپێی سروشتی توێژینەوەکە، بە مەبەستی شیکردنەوە چەند نموونەیەک لەو تیپ و گروپانە وەرگیراون کە ئەم خێزانەی ژێداریان (ژێداری کەوانەیی) تیادا بەکارهێنراون. لە خوارەوەدا ئاماژەیان بۆ دەکەین:

1 - نموونەی بەرهەمێکی ئۆرکێسترای کوردستان (هەولێر)
2 - نموونەی بەرهەمێکی گروپی ژێداری گەنجانی هەولێر
3 - نموونەی بەرهەمێکی چەمبەر موزیکی هەولێر

### نموونەی یەکەم

ناوی نموونە: سرودی مەزدی یەسنا

**گۆڤاری قەڵای زانست**
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ساڵی پێشکەشکردن: ٢٠١٠
ناوی گرووپی موزیک: ئۆرکێسترای کوردستان- هەولێر
ناوی دانەر: ئامانج غازی
ژمارەی ژەنیارانی بەشداربوو: (٨ ڤیۆلین یەک)، (٨ڤیۆلین دوو)، (٥ڤیۆلا)، (٥چەلۆ)، (٢کۆنتراباس)، (٢ فلوت)، (٢کلاڕینێت) = ٣٢ ژەنیار.

خشتەی ژمارە (١) شیکردنەوەی نموونەی یەکەم

| بابەت | جۆر | ئاستی پێرفۆرمەنس و بەکارهێنان، بەراوردکردن لەگەڵ نۆتەکەدا | | | کۆنمرە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | لاوازتری | لاواز-مامناوەند | بەهێز | | |
| | Trillتریڵ Vibratoڤیبراتۆ | | | ٩ | نۆ | |
| تەکنیک | تێنوتۆ Tenuto پیتچیکاتۆ Pizzicato لێگاتۆ Legatto | | | ١٠ | دە | |
| | پەیوەندییان بە ڕابەر یاخود لیدەری گروپ | | | ٩ | نۆ | |
| | ئۆرکێسترایی | | | ١٠ | دە | گونجاوە لەگەڵ گروپەکە |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ♩ = 64<br>4/4 | | | ٩ | نۆ | |
| | piano, Forte, Double Forte crescendo, diminuendo | | | ٩ | نۆ | |
| | بەپێی ڕۆڵ و بەشداریکردنیان لە پارچە دانراوەکەدا | | | ١٠ | دە | |
| | لێوەشاوەیی و مۆراڵ- لەسەر ستەیج | | | ٨ | هەشت | |
| هاوسەنگی دەنگ | لە ڕووی گونجاندن و نەگونجاندنیان لەگەڵ یەکتر | | | ٩ | نۆ | |
| | | | | ٨ | هەشت | |
| کۆ نمرە | کۆ نمرەی بەدەستهاتووی ڕۆڵەکەیان | | | ٩١ | نەوەت و یەک | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## نموونەی دووەم

ناوی نموونە: ئازادی گەل
ساڵی پێشکەشکردن: ٢٠١٨
ناوی گروپی موزیک: گروپی ژێداری گەنجانی هەولێر
ناوی دانەر: یادی هاشم
ژمارەی ژەنیارانی بەشداربوو: (٤ ڤیۆلین یەک)، (٥ ڤیۆلین دوو)، (٣ ڤیۆلا)، (٣ چەلۆ)، (١ کۆنتراباس) = ١٥ ژەنیار

خشتەی ژمارە (٢) شیکردنەوەی نموونەی دووەم

| بابەت | جۆر | ئاستی پێرفۆرمەنس و بەکارهێنان، بەراوردکردن لەگەڵ نۆتەکەدا | | | کۆنمرە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | لاوازترین | لاواز-مامناوەند | بەهێز | | |
| | | هیچ نمرە | ١-٥ نمرە | ٦-١٠ نمرە | | |
| ئۆرنەمێنت | ترێلTrill | | | ٩ | نۆ | |
| تەکنیک | ئەکسەنتAccent<br>پیتچیکاتۆ Pizzicato<br>لێگاتۆ<br>Legatto | | | ٩ | نۆ | |
| لینک- مایسترۆ | پەیوەندییان بە ڕابەر یاخود لیدەری گروپ | | | ٩ | نۆ | |
| شێوازی دانراوەکە | چەمبەر | | | ١٠ | دە | گونجاوە لەگەڵ گروپەکە |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| خێرایی دیاریکراوی تێمپۆ | ♩ = 96<br>4/4 | | | ٩ | نۆ | |
| داینەمیکەکان | piano, Forte,<br>Mezo Forte<br>Mezo oiano crescendo,<br>diminuendo | | | ٨ | هەشت | |
| ئامێرە بەکارهاتووەکان | بەپێی ڕۆڵ و بەشداریکردنیان لە پارچە دانراوەکەدا | | | ١٠ | دە | |
| توانست | لێوەشاوەیی و مۆڕاڵ- لەسەر ستەیج | | | ٨ | هەشت | |
| هاوسەنگی دەنگ | لە ڕووی گونجاندن و نەگونجاندنیان لەگەڵ یەکتر | | | ٩ | نۆ | |
| یەکتایی بوون | کەوانBow<br>ئینتۆنەیشن (پۆزیشن)<br>Intonation<br>تێمپۆ Tempo | | | ٨ | هەشت | |
| کۆ نمرە | کۆ نمرەی بەدەستهاتووی ڕۆڵەکەیان | | | ٨٩ | هەشتاو نۆ | |

## نموونەی سێیەم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناوی نموونە: ئەی نازەنین
ساڵی پێشکەشکردن: ٢٠٢٢
ناوی گروپی موزیک: چەمبەر موزیکی هەولێر
ناوی دانەر: سەید ئەحمەد رواندزی
ژمارەی ژەنیارانی بەشداربوو: (٢ ڤیۆلین یەک)، (٢ ڤیۆلین دوو)، (١ ڤیۆلا)، (١ چەلۆ)، (١ کۆنتراباس) = ٧ ژەنیار

خشتەی ژمارە (٣) شیکردنەوەی نموونەی سێیەم

| بابەت | جۆر | ئاستی پێرفۆرمەنس و بەکارهێنان، بەراوردکردن لەگەڵ نۆتەکەدا | | | کۆنمرە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | لاوازترین | لاواز-مامناوەند | بەهێز | | |
| | | هیچ نمرە | ١-٥ نمرە | ٦-١٠ نمرە | | |
| ئۆرنەمێنت | portamento<br>پۆرتەمێنتۆ<br>Trill<br>ترێل | | | ٩ | نۆ | |
| تەکنیک | پیتچیکاتۆ<br>Pizzicato<br>لێگاتۆ<br>Legatto | | | ٩ | نۆ | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لینک- مایسترۆ | پەیوەندییان بە ڕابەر یاخود لیدەری گروپ | | | ٩ | نۆ | |
| شێوازی دانراوەکە | چەمبەر | | | ١٠ | دە | گونجاوە لەگەڵ گرووپەکە |
| خێرایی دیاریکراوی تیمپۆ | ♩ = 100<br>6/8 | | | ٩ | نۆ | |
| داینەمیکەکان | piano<br>Forte | | | ٩ | نۆ | |
| ئامێرە بەکار هاتووەکان | بەپێی ڕۆڵ و بەشداریکردنیان لە پارچە دانراوەکەدا | | | ١٠ | دە | |
| توانست | لێوەشاوەیی و مۆراڵ- لەسەر ستەیج | | | ٩ | نۆ | |
| هاوسەنگی دەنگ | لە ڕووی گونجاندن و نەگونجاندنیان لەگەڵ یەکتر | | | ٩ | نۆ | |
| یەکتایی بوون | کەوانBow<br>ئینتۆنەیشن (پۆزیشن) Intonation<br>تیمپۆ Tempo | | | ٨ | هەشت | |

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆ نمرە | کۆ نمرەی بەدەستهاتووی ڕۆڵەکەیان | | | ٩١ | نەوەت و یەک | |

**٥ ئەنجام**

1 - ئامێرەکانی ژێداری کەوانەیی، لەو ئامێرەگرنگانەن، کە پێگەیەکی دیارو بەرچاویان لە ڕووی بەکارهێنان و دەنگ و چینی جیاوازو تیمبەر (ڕەنگی دەنگ) و تەکنیکەوە هەیە، پێکهێنەرێکی گرنگ و سەرەکیشن لە زۆرێک لە شێوازەکانی موزیکی میللەتان، کە بێگومان ژەنیارانی کوردستانیش بەشێوەیەکی پراکتیزیانە ئەم بابەتەیان کردووەتە ئامانجێکی سەرەکی خۆیان.

2 - لە پاش هەوڵەکانی بە ئەکادیمیکردن و خوێندنی زانستی موزیک (دامەزراوە ئەکادیمییەکانی هونەریی) لە شارەکەو دروستبوونی یەکەمین ئۆرکێسترای فەرمی لە هەرێمی کوردستان (هەولێر)، خواست و پرسی بەشداریکردنی کاراو هەماهەنگی و مامەڵەکردن لەگەڵ تەواوی خێزانی ئامێری ژێداری کەوانەیی لە شارەکە، وەک دەستپێک بووە ئەجێندایەکی ستراتیژی هونەریی پەیڕەوکراو بۆ سەرجەم پسپۆڕو ئارەزوومەندانی ئەم بوارە، چونکە بەشداری نەکردنی هەر یەکێک لەم ئامێرەی نێو ئەم خێزانەی ژێدار (ڤیۆلین، ڤیۆلا، چەلۆ، کۆنتراباس) وا دەکات وێنەی پەرتەوازە بوونی خێزانێکی دابڕاو لە بەها هونەری و ئاکامەکانی ئەم خێزانە ژێدارە نیشان بدات لە نێو بەرهەم و شاکارەکانیان، بۆیە وەکو ستراتیژێکی هونەریی مەودا دوور، مەترسی ئەوەیان لەسەر بوو کە بکەونە نێو هەڵەو بۆشاییەکی گەورەی هونەری!

3 - زۆربەی زۆری تەکنیک و ئۆرنەمێنتەکانی موزیکی کلاسیکی-جیهانی، لە نێو کارەکانی گروپەکانی موزیکیی ئەم شارەش کە ئامێرەکانی ژێداری کەوانەیی ڕۆڵیان تیادا بینیوە، بەرجەستە بوونە.

4 - هەر یەک لەو گروپانەی کە لە نێو نموونەی توێژینەوەکەدا هەبوون، لە ڕووی پێرفۆرمەنسەوە پەیوەندی و ئاگایی ئەوتۆو باشیان هەبووە لەگەڵ ڕابەر (لیدەر) ەکەیان.

5 - لە هێڵکاری (پەیکەرە) ئەو گروپانەی کە ئامێرەکانی ژێداری کەوانەیی تێدا هەن، زۆر جار هەست بە نا هاوسەنگی بەشداریکردنی ژمارەی ئامێرەکانی ژێداری کەوانەیی دەکرێت، کە جاری وا هەیە (٥-٧) ڤیۆلینی دوو، بەرامبەر بە (٤) ڤیۆلینی یەک دانراوە!

6 - بە گشتی لە ڕووی دارشتنی هونەری و نووسینی موزیکی و لەبەرچاو گرتنی ڕۆڵ و پێگە بە ئامێرەکانی ژێداری کەوانەیی، لەم نموونانەی کە شیکردنەوەیان بۆ ئەنجامدراوە، ڕۆڵی ئەم خێزانە ژێدارییە بە پێی خواست و پێویست و شیاوی سەردەمەوە سەیرکراوە، بۆیە لە هیچ ئامێرێکی ئەم خێزانە هەست بە پەراوێزخستنی ڕۆڵی کارای ئەم ئامێرانە ناکرێت. لەو هۆکارە هەرە گرنگ و هەستیارەشەوە، کە دەبێت ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆی بۆ بکەین ئەوەیە کە خودی ئەو کەسانەی کە موزیکیان بۆ ئەم ئامێرانە نووسیوە، بۆ خۆیان ژەنیاری ژێداری بە توانست و دیاری ئەم ئامێرە ژێدارە کەوانەییانەن. ئەمەش هۆکارێکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەکادیمی فرە لایەنی زۆر کاریگەرە کە دەتوانێت سێبەری خۆی بەسەر بابەتەکانی دانان و ئەرەنجی مۆزیکی و لایەنەکانی تەکنیک و نۆرنەمێنتی جیاوازی خێزانەکە بە جێبهێڵێت.

## سەرچاوەکان

**زمانی کوردی**

ساڵح نەجار، هۆشەنگ، ٢٠١٦، بزاڤی رۆشنبیری لە شاری هەولێر، هەولێر، چاپخانەی رۆژهەڵات، چاپی یەکەم.

غازی، ئامانج، ٢٠٠٩، ئەزموون لە ئامێزی موزیکدا، هەولێر، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی و ئەدەبی نما.

**نامەی ماستەر**

فوئاد، سرود، ٢٠١٤، بەکارهێنانی ئاوازی کوردی لە کاری ئۆرکێستراییدا لە باشوری کوردستان (کوردستانی عێراق)، هەولێر، زانکۆی سەڵاحەدین.

**چاوپێکەوتن**

ئاغا، ئامانج غازی ١٩-٩ -٢٠٢٢

خالید، ئەبوبەکر ١٧- ١٠-٢٠٢٢

رواندزی، سەید ئەحمەد ٩- ١٠- ٢٠٢٢

رەشید، عەلی ١٠- ١٠- ٢٠٢٢

سەراج، سرود فوئاد ١٥- ١٠- ٢٠٢٢

سەردار، ئارام ٣١- ١٠- ٢٠٢٢

سیرینی، سیروان ٣٠- ٩- ٢٠٢٢

موحەممەد، هاوکار ١١- ١٠- ٢٠٢٢

نورەدین، ئەحمەد ٣٠- ١٠- ٢٠٢٢

هاشم، یادی ٢٠- ١٠- ٢٠٢٢

**English**

Roger Kamien, 2000. music an appreciation, seventh edition, united states,

Hama Rashid, Nabaz, 2015, Bringing Kurdish Music to the West, University of Kansas, Musical Arts.

# The Role of Bowed String Instruments In Kurdish Music

# (Erbil City for Example)

**Rekar Othman Rasheed**
Department of Music, College of Fine Arts, Salahadin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
rekarothman19@gmail.com

**Asst. Dr. Prof. Mohammed Aziz Shakir**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

Department of Music, College of Fine Arts, Salahadin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Mdzaza13@gmail.com

***Keywords:*** The role, bowed string, instrument, Kurdish music, violin, viola, violoncello, double bass, Erbil, history, group, Orchestra, Chamber.

## Abstract

It is a qualitative study based on the descriptive-analytical method. The instruments of the bowed family, which refers to the arco series (orchestra), in this study include: (violin, viola, cello, contrabass or double bass), which are essential instruments, have a prominent position in terms of Usage, sound, different layers, timbre and technique. They play an essential role in many styles of peoples music. They also reflect several methods and topics of musical science. In the field of Kurdish music, the role and participation of each of these instruments are worth mentioning.

## دور الالات الوترية القوسية في الموسيقى الكردية (مدينة أربيل نموذجا)

### ملخص

إنها دراسة نوعية (qualitative) تعتمد على المنهج الوصفي التحليلي. تشمل أدوات عائلة الآلات الوترية القوسية، التي تشير إلى العائلة القوسية (الأوركسترا)، في هذه الدراسة يتكون الآلات الموسيقية مثل: (الكمان، والفيولا، والتشيلو، والكونتراباس)، كمثل الآلات الوترية المهمة و لهما دورا أساسيا و بارزا من حيث الاستخدام والصوت و التيمبر (Timbre) و الطبقات والتقنية المختلفة. و دورا مهمًا في العديد من أنماط الموسيقى الشعوب. وكذلك من خلالهما تسجيل عديد من المناهج و المواضع العلمية الموسيقيية. يجب ان تشار دور و مشاركة كل من هذه الالات في الموسيقى الكردية.